

بیرمەنــدان جەخت لەوە دەکەنەوە کە خانمی سیاســەتمەدار پێویســتە لە نــاو ژان و ئازارەکانی ژنانەوە ببێتە سیاســەتمەدار، دروســتکردنی ئەم زەمینەیەش کێڵگەیەکی بەپیت دروســت دەکات بۆ بەرهەمهێنانی بەردەوامی خانمی سیاســەتمەدار، هەتا ئەم زەمینەیەش دروســت نەبێت، ئەوا خانمان بشــبنە سیاســەتمەدار، وەک پیاو بیردەکەنەوە نەک ژن، لە کاتێکدا ئامانج لە خانمی سیاســەتمەدار ئــەوە نییــە کە تەنیا لــە رووی جەســتە و بایۆلۆژییەوە لە پیــاو جیاواز بێت، بەڵکو ئامانج ئەوەیە لە رووی ئەقڵ و بیرکردنەوەشــەوە جیاواز بێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەقڵی ژن و پیاو پێکەوە ژیان تەواو دەکەن و لەناو کەوانەیەکی فراواندا ژیانیش سیاســەت رێکی دەخات، کەواتە ئایا چۆن دەتوانین هەنگاوی یەکەم بە ئاراســتەی دروستکردنی خانمی سیاسەتمەدار بنێین؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.



# خانمی سیاسەتمەدار چۆن دروست دەبێت؟

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**حەسیبە سەعید:**
**زانست سەلماندوویەتی ئافرەت خاوەنی دوو سەرچاوەی هزری بەتوانایە و گەر خۆی بیەوێت، دەتوانێت زۆر زیرەکانەتر لە تەک پیاودا کاربکات و توانا و کارامەیی خۆی بسەلمێنێت**



**محەمەد وانی:**
**لەبەر نەبوونی دامودەزگایەکی نیشتمانی و داکوتانی رۆشنبیریی حزبایەتی لەناو کۆمەڵگە، نەمانتوانیوە ناوەندێکی پێگەیاندنی سیاسەتکار دروست بکەین**

سەرەتا وداد حەمید سەعید بەرپرسی ئەنجومەنی ئافرەتانی قەزای دوبز، ئاماژە بەوە دەکات کە «سیاسەت کارێکی زۆر ئەستەم نییە، بەڵام ئیرادەیەکی بەهێزی دەوێت و ئافرەت دەبێت لە ناخیدا سرووشتی سیاسی و بڕیاردانی هەبێت و بە جورئەت بێت و خۆی لە پیاو بە کەمتر نەبینێت.» ئەو خاتوونە رایوایە «ئەگەر ئافرەتێك لە خانەوادەکەیان سیاسەتمەدارێك هەبێت و هەر لە منداڵییەوە ئەو کەسە مەیلی سیاسەتی بداتێ، بە تێپەڕبوونی زەمەن خۆی وردە وردە تێکەڵی سیاسی دەبێت، واتە بە جۆرێك تێکەڵ بە خوێندنەوە دەبێت و بە سیاسەت ئاشنا دەبێت و متمانە بەخۆبوونی لا دروست دەبێت، کە زۆر جار هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە چالاکیی قوتابخانەکەیدا بۆ نموونە لە کارێکی شانۆییدا بەشدار دەبێت و چاوکراوەتر دەبێت.»

گوتیشی: «کچانی کورد زۆر حەزیان لە سیاسەتە، بەڵام نەریتی کۆمەڵگە و شەریعەتی ئایینی ڕێگایان لێگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە کچەکانی کورد شان بە شانی براکانیان سیاسەتیان کردووە و تەنانەت لە خەباتی چەکداریش بەشدار بوون، کە تا ئێستاش نموونەیان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەیە. ژمارەیەکی زۆری ئافرەتیشمان هەیە کە بە چەکی قەڵەم چالاکی سیاسییان هەیە و خۆیان گەیاندووەتە ئاستی باڵای حزبەکان، بەڵام بەگشتی بەسیاسی بوونی ئافرەت خولیا و ئارەزووی دەوێت و لەگەڵ ئەم خولیا و ئارەزووشدا دەبێت پشتگیرییەکی خێزانی هەبێت، تا بتوانێت بە متمانەی زیاترەوە خۆی تێکەڵ بە سیاسەت بکات، چونکە لە کۆمەڵگەی نەریتی ئافرەت لە سەر هەموو شتێك سانسۆری لەسەرە و تەنیا بە پشتگیریکردنی ئەندامانی خێزانەکەی دەتوانێت هەموو ئەو کۆسپانە ببڕێت کە لە پێشی دانراون».

زۆرێك لە بیرمەندان و لەوانە فۆکۆیاما پشتیوانی لە «بە مێ کردنی سیاسەت» دەکەن و رایانوایە ئەقڵی ژنان توانای ئەوەی هەیە سیاسەتێکی نەرم و شیاوتر دروست بکەن و بە پێویستیشی دەزانن، ئەقڵی ئەو ژنانەی لە ناو سیاسەت کاردەکەن، پرسیاری ژنانە دروست بکەن. لەوانەیە بپرسن مەبەست لە دروستکردنی پرسیاری ژنانە چییە؟ لەوەڵامی ئەمەشدا دەڵێن: پێویستە ژنانی ناو کایەی سیاسی زۆر بوێرانە ئەو پرسیارە رووبەڕووی خۆیان بکەنەوە کە بۆچی ئافرەتان بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی نەریتسالاریدا رقیان لە سیاسەتە؟ بێگومان ئافرەتانی کوردستانیش لەو بازنەیە



**وداد حەمید:**

**لە کۆمەڵگەی نەریتی ئافرەت لە سەر هەموو شتێک سانسۆری لەسەرە و تەنیا بە پشتگیریکردنی ئەندامانی خێزانەکەی دەتوانێت هەموو ئەو کۆسپانە ببڕێت**



**بەیان حەمە غەریب:**

**هیچ کۆمەڵگەیەک بە بێ بەشداریکردنی ئافرەت لە سیاسەت و سیاسەتمەداری کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو نابێت**

دەرناچن، بەڵام بۆ دەسکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارە هیچ پێویستمان بە گەڕان بە دوای سەرچاوە و وەڵامدانەوەی ئەکادیمیست و تەنانەت فێمینیستەکانیش نییە، بەڵکو پێویستمان بەو وەڵامە سادانەیە کە ژنە سادە و ساکارەکان گوێمان لێیان دەبێت. مەبەست لە ژنی سادە و ساکار، ژنی خێزانە هەژارەکان نییە بە تەنیا، بەڵکو پێش هەمووان پێویستمان بە وەڵامی ژنە سادە و ساکارەکانی بەرپرسان و بازرگان و بزنسمان و ئەوجا ژنە سادە و ساکارەکانی خێزانە هەژارەکان هەیە. سەرنج بدەن ئەم خاڵە چیمان فێر دەکات؟ بێگومان ئەوەمان پێدەڵێت لە نێو ژان و ئازارەکانی ژنان و تێڕوانینیان بۆ سیاسەت و ژیان، جیاوازی چینایەتی و دەوڵەمەندی و هەژاری هێندە زەق نییە، بەو ئاستەی کە لە نێوان پیاواندا بوونی هەیە. کەواتە چۆن هەوڵبدەین ئافرەتی سیاسەتکار و دروستکەری سیاسەت بەرهەم بهێنین؟

حەسیبە سەعید ئیبراهیم، بەرپرسی بەشی ئافرەتان لە کۆمەڵەی دوستایەتی کوردستان و ئەڵمانیا، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بەمجۆرە راوسەرنجی خۆی دەخاتەڕوو: «خێزان بنەمای دروستبوونی تاکی کامڵە بە هەموو پێوەرەکانیەوە، بۆیە هەر کاتێك خێزان توانی بە ئەرکەکانی هەستێت و تاکی خۆی بە پێوەری بەهاکانی مرۆڤایەیی پەروەردە بکات، ئەوا ئەو پیاوسالارییە باوی نامێنێت و هەریەکەیان بە سەرکەوتووترین شێواز بە ڕێگای خۆیدا دەڕوات، چونکە هەرتاکێك دڵنیایی خێزانی هەبێت، دڵنیام کە دەتوانێت لەسەر هەموو شانۆکانی ژیان بە جوانترین شیواز رۆڵی خۆی بگێڕێت و کاریگەری نەرێنیی کۆمەڵگەی لەسەر بەدیار نەکەوێت. دەتوانم زور بە راشکاوانە پەنجە بخەمە سەر ئەوەی کە لە هەر سەرنەکەوتنێکی تاك، بەتایبەتی رەگەزی مێ، خیزان تاوانباری یەکەمە. سەبارەت بە ئافرەتی سیاسەتمەداریش، پێویستە ئەوە بە بیر بخەینەوە کە دەوترێت: «لەپاڵ هەر پیاوێکی مەزن، ئافرەتێك هەیە». بۆیە ئافرەت بە گرنگترین ئەکتەر دادەنرێت لە سەر شانوی ژیان، چ لە بواری سیاسی، یا رۆشنبیری و زانستی...هتد. لە دوای پاڵپشتی خێزانیش، ئەوەی وادەکات ئافرەتێکی سیاسیی سەرکەوتوو دروست بێت، خودی ئافرەتەیە کە دەبێت بەردەوام بێت لە هەوڵدان بۆ ئەوەی بوونی خۆی لە نیو کۆمەڵگەدا بسەلمێنێت و بتوانێ خاوەنی بڕیاری خۆی بێت و هەمیشە شانازی بە ژنبوونی خۆیەوە بکات و ڕێگا نەدات ببێت بە ئامرازیك کە کۆمەڵگە بیچەوسێنێتەوە، هەروەها دەبێت خاوەنی هزرێکی جوان بێت و نابێت ترسی لە رووبەڕووبوونەوە هەبێت. لە دیدی منەوە هەردوو رەگەز لە هەموو بوارەکانی ژیان دەبێت وەك خودی خۆیان بیربکەنەوە، نەك خانمێك لە قاڵبی هزری پیاوانەدا کاربکات، یان بەپێچەوانەوە پیاوێك بە روانگەیەکی ژنانەوە کاربکات. ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە ئەو دوو روانگەیە بتوانن تەواوکەری یەکتر بن، گەر وانەبێت هەوڵەکان جارانی سفر دەبن. لە لایەکی دیکەوە، خانمی سیاسیی مەزن کاتێك دروست دەبێت کە تێکەڵاوی ئازاری کۆمەڵگە و مەینەتییەکانی ژیان و بەتایبەتی دۆخی ژنان بێت و کۆڵی نەدابێت بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی.

راستە جیاوازی هەیە لە نێوان سایکۆلۆژی ژن و پیاو لە رووی هەبوونی بیر و رای جیاواز و دروستبوونی کێشە، بەڵام کەم و زۆری بەندە بە رادەی تێگەیشتن لە نێوان هەردوو رەگەزدا، ئەمەشیان راستییەکی زانستییە و زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی لە هەڵسوکەوتدا وەك مروڤی دوو دنیای جیاواز بن، بەلام باشترین ڕێگا ئەوەیە هەردوولا ئەوە قبووڵ بکەن کە پێویستە هەر یەکیان وەك رەگەزی خۆی رەفتار بکات لە بواری کارکردنیدا. ئافرەت خاوەن بیرێکی قووڵ و جوانە، بۆ نموونە پڕوفیسۆر (مستەفا زەلمی) کە خاوەنی زیاتر لە (٥٠) پەرتووکە لە یەکێك لە توێژینەوەکانی باس لەوە دەکات کە ئافرەت خاوەنی توانای هزری زیاترە لە پیاو، هێما بۆ ئەوەش دەکات کە زانست سەلماندوویەتی دوای شیکاری لەسەر (موخی ئافرەت و پیاو) دەرکەوتووە کە موخی ئافرەت دوو(فص)ی هەیە لە کاتێکدا هی پیاو یەکە.کەواتە ئافرەت خاوەنی دوو سەرچاوەی هزری بەتوانایە، ئەمەش وادەکات گەر خۆی وەك ئافرەت بیەوێت، دەتوانێت زۆر زیرەکانەتر لە تەك پیاودا کاربکات و توانا و کارامەیی خۆی بسەلمێنێت.»


لە لای خۆیەوە نووسەر و رۆژنامەنووس محەمەد وانی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «رۆڵی ژنان، یان ئافرەتان لەناو کۆمەڵ و پلەی پێشکەوتنیان بەستراوەتەوە بە رەوتی شارستانیی کۆمەڵگەوە، واتە هەرچەندە کۆمەڵگە لە رووی شارستانیی هاوچەرخ پێشبکەوێت، ئەوە رۆڵی سیاسیی خانمانیش زیاتر پێش دەکەوێت، بەپێچەوانەشیەوە هەر راستە. هەڵبەت بە کۆمەڵگەیەکیش دەگوترێ پێشکەوتوو، کە لە هەموو بوارەکاندا پێشبکەوێ، نەکە لەلایەك پێشبکەوێ و ولەلایەکی دی دوابکەوێ، دەکرێ لە بوارێ زیاتر پێشکەوتووبێ، بەڵام لە بوارەکانیتریش تا رادەیەك پێشکەوتوو بێ، نەك دواکەوتوو.» گوتیشی: «لە پۆلێنکردنی وڵاتانی دونیا دوو دەستەواژە هاتوونەتە کایەوە، یەکەمیان دەستەواژەی (جیهانی یەکەم بە مانای پێشکەوتوو) و دەستەواژەی دووەمیش (جیهانی دووەم و سێیەم، یاخود وڵاتانی دواکەوتوو، یانیش تازەپێگەیشتوو=النامیە)، وڵاتانی پێشکەوتوو خاوەن شارستانیی هاوچەرخن، واتا هەموو هۆکانی پێشکەوتنی هاوچەرخیان تیایە، بەڵام وڵاتانی دواکەوتوو هۆکانی پێشکەوتنیان تیا نییە، لەوانەیە خاوەن شارستانیەتێکی گەورەی مێژوویش بن، (میسر بۆ نموونە)، بەڵام لە شارستانیەتی هاوچەرخ بێبەش و کۆڵەوارن. کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان خاوەن دامودەزگای دێرینی چەسپاو و کاران و بە هۆی ئەوانەوە وڵات بەڕێوەدەبرێت، هەرئەوانیش پلانی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و

.. هتد دادەڕێژن وجێبەجێی دەکەن، بەڵام لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان کە ئێمە و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوینیش لەوانین، ئەمجۆرە دامودەزگایانە بوونیان نییە و رۆڵی هەڵسووڕانیان کەوتۆتە دەست تاکەکەس، یان حزب، یان دەسەڵاتێکی سەربازی و پۆلیسی و چەوسێنەر. بۆیە ئەگەر بمانەوێ خانمی سیاسەتمەدار لە کۆمەڵگەکەمان دروست بکەین، دەبێ پەیمانگا و خوێندنگای تایبەتمان هەبێ بۆ خوێندن و فێرکردن و پێگەیاندنیان لە بواری دروستکردنی سیاسەت و دەبێت کۆمەڵێ لە شارەزا و پسپۆڕانی بواری سیاسەت و ستراتیژیەت ئەو خوێندنگا تایبەتانەی پێگەیاندنی ئافرەتانی سیاسی بەڕێوەببەن. خۆ ئەگەر شارەزایانی بیانی بن، ئەوە باشتر و لەبارترە، بەڵام ئێستا لەبەر نەبوونی پارە و نشوستی دارایی زەحمەتە ئەوە بکرێ. هەرچەند کارێکی قورس و درێژخایەنە، بەڵام بە هەوڵدان وپشتگوێ نەخستنی دەکرێ. زۆرم هەوڵدا لەگەڵ سەرکردەکانی هەرێم کە دوای ٢٠٠٣ کارێکی لەمجۆرە بکەن، لە وتارەکانمدا زۆر هانیانم دا، بەڵام گوێیان پێنەدا و بەلاوەیان نا. ئامادەکردن و پێگەیاندنی نەوەیەکی سیاسەتمەداری زیرەك لە هەردوو رەگەز، ئەرکی نیشتیمانییە و دەبوا حکومەت لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ پێی هەڵسابا، بەڵام لەبەر نەبوونی دامودەزگایەکی نیشتمانی و چەسپان و داکوتانی رۆشنبیریی حزبایەتی لەناو کۆمەڵگە، نەمانتوانیوە ناوەندێکی پێگەیاندنی سیاسەتکار دروست بکەین. لەوانەیە هەرپارت ولایەنێك جۆرێك لەو مەڵبەندە سیاسییەی هەبێ بۆ پێگەیاندنی کادیرەکانیان، بەڵام لە هەموو هەرێمدا مەڵبەندێکی بەرفراوانی نیشتمانی و سەرتاسەریمان نییە لە کاتێکدا زۆر پێویستە هەمانبێ.


سنەوبەر سابر رەشید ئەندامی دەستەی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و بەرپرسی سەنتەری کاراکردنی ئافرەتان، سەبارت بە هەمان پرس رایوایە: «ئافرەتی کورد لە زۆربەی بوارە جیاوازەکان رۆڵی ئەکتیڤ و کارای هەبووە و توانیویەتی تا رادەیەك جێپەنجەی خوی بە دیار بخات.» گوتیشی: «دیارە بەشداریکردنی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمەکەمان بۆ ساڵانێکی زۆر کۆنتر دەگەڕێتەوە، هەرچەندە رێژەیان کەم بووە و بەپێی خواست نەبووە، هۆکاری ئەمەش بۆ کۆمەڵێ فاکتەر دەگەڕێتەوە، لەوانە: ئافرەتی کورد بە هۆی نەریتی کۆمەڵگەوە کەمتر ئارەزووی بەشداریکردنی لە سیاسەت هەیە، لایەنە سیاسییەکانیش هەوڵێکی ئەکادیمی و زانستییان بۆ دیراسەکردنی بەشداریی ئافرەتان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی نەبووە، لەگەڵ ئەمانەشدا ئافرەتی کورد لە نێو رێکخستن و کایەکانی حزب و لایەنە سیاسییەکان وجوودی هەبووە، بەتایبەتی ئەگەر لە مێژووی خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕوانین، دەبینین لە بایەخێکی زۆر بە پێگەیاندنی ئافرەتی سیاسی و سەرکردە دراوە و لە سەردەمی بارزانی-ی نەمرەوە واتە لە سەرەتاوە تا ئێستا بەشداری ئافرەت لە سیاسەتدا، نەك هەر بە شتێکی تۆخی حزبی نەکراوە، بەڵکو بە شتێکی مەدەنی و گشتگیر کراوە، بۆیە هەتا هاتووە بەشداری ئافرەتی سەرکردە لە سیاسەتدا زیاتر بووە و زیاتریش دەبێت، ئەو هەوڵانەش هاوکات بووە لەگەڵ ئەوەی کە هەمیشە خێزان و کۆمەڵگە رێگربوون لە بەردەم خواستی کاراکردنی ئافرەت و تەنانەت بە دەرەوە چوونی ئافرەت نارازی بووە، چ بگا بەوەی کە لە کاروباری سیاسی بەشداری بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەبینین ئافرەتان لە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە کۆنگرەکانیدا بواری باشی بۆ رەخساوە هەتا بوونی خۆی بسەلمێنێ و شان بە شانی پیاوان لە کاری سیاسی بەشداری بکات. بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتەئاراوە، ئەویش ئەوەیە ئەو خانمە بەڕێزانەی کە لە زۆر پێگە و جومگەکانی رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، یان هەر حزبێکی دیکەدا بەشدارن و پشکیان لە بەشداری سیاسی و بڕیاردان هەیە، ئایا وەك ئافرەت تا چەند هزر و بیروبۆچوونیان خستووەتە خزمەت کەیسی ئافرەتان و تا چەند بە مەینەت و ئازارەکانی ئافرەت شارەزان و تا چەند هەوڵیان داوە، ئافرەتان نەك هەر لە نەهامەتی رزگاربکەن، بگرە بۆ بەشداری لە دروستکردنی سیاسەت و سیاسەتمەداری پەلکێشیان بکەن؟»

بەیان حەمە غەریب مامۆستای ئامادەییە و قسەکانی بە پرسیارێك دەست پێ دەکات و دەڵێت: «دەبێت سەرتا ئێمە بزانین مانای سیاسەت چییە و ئایا سیاسەت و بڕیار و ئاکامەکانی تەنیا و تەنیا پێوەندی بە ژیانی رەگەزی نێرەوە هەیە، یان بە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بە هەردوو رەگەزەوە گرێدراوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بێگومان ئاشکرایە، بۆیە مادەم سیاسەت پێوەندی بە هەر تاکێکی کۆمەڵگەوە هەیە، ئافرەتیش نیوەی کۆمەڵگەیە، ئەگەر زیاتریش نەبێت، ئەوا دەبێت پشکی خۆی لە سیاسەتکردن و دروستکردنی بڕیار هەبێت. بۆیە هیچ کۆمەڵگەیەك بە بێ بەشداریردنی ئافرەت لە سیاسەت و سیاسەتمەداری کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو نابێت و دەبێت هەموو زەمینەکان بۆ راهێنان و پەروەردەی ئافرەتی سیاسەتمەدار خۆش بکرێن.

مامۆستا نورهان کەرکووکی خاتوونێکی کوردە و ساڵانێکی زۆرە مامۆستایە و لە شاری کەرکووك دەژی و خۆی گوتەنی لە پەروەردەی دوو جیل رۆڵی هەبووە، ئەو مامۆستایە قسەکانی لە چەند خاڵدا کورت دەکاتەوە و دەڵێت: « ئەگەر ئافرەت بە ئەقڵی پیاو سیاسەت بکات، ئەوا چ جیاوازییەکی لەگەڵ پیاو هەیە؟ ئافرەت تایبەتمەندی خۆی هەیە و دڵسۆزییەکانی دایکانەی و وردبینییەکانی بۆ پەروەردەی منداڵ، ئەگەر لە سیاسەتیش بەکار بهێنێت، ئەوا زۆر لە پیاوان سەرکەوتووتر دەبێت .»



**سنەوبەر سابر:**
**لە سەردەمی بارزانی-ی نەمرەوە تا ئێستا بەشداری ئافرەت لە سیاسەتدا، لە پارتی نەک هەر بە شتێکی تۆخی حزبی نەکراوە، بەڵکو بە شتێکی مەدەنی و گشتگیر کراوە**



**نورهان کەرکووکی:**
**ئافرەت تایبەتمەندی خۆی هەیە و دڵسۆزییەکانی دایکانەی و وردبینییەکانی بۆ پەروەردەی منداڵ، ئەگەر لە سیاسەتیش بەکار بهێنێت، ئەوا زۆر لە پیاوان سەرکەوتووتر دەبێت**

# شوفێریی تاکسی پیشەیەکە ئافرەتیش دەتوانێ خۆی لە قەرەی بدات




لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە بەرچاوانەی کە لە جیهاندا هاتوونەتە ئاراوە لە ژێر ناوی جیهانگیری و یەکسانی و مافی مرۆڤ و بوونیان بە پاڵپشتێک بۆ ڕۆڵی ئافرەت و بەشدارییان شان بە شان شانی پیاو وایکرد، ئافرەتان هاوتای پیاوان لە تێکڕای بوارەکان ڕۆڵیان هەبێت، کۆمەڵگەی کوردیش بێبەش نەبووە لە کرانەوە بە رووی جیهاندا و ئافرەتانیش لەو کۆمەڵگەیە بەپێی توانا و درک کردنیان بە بەرپرسیاریەتی، هەوڵیان داوە بێنە مەیدانی ململانێ و جێبەجێکردن و گەیاندنی ئەو پەیامەی هەڵیانگرتووە لە پێناو بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و دوور لە جیاوازی ڕەگەزی، سەرەڕای ڕێگرییەکانی داب و نەریتی کۆمەڵگەش ژمارەیەک لە ئافرەتان ئەمڕۆ کار بۆ نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی لە پیشەکانیان دەکەن و تەنانەت خوازیاری کاری شوفێریی تاکسین و لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵانەوە داواکارییەکەیان ئاراستەی لایەنە پێوەندیدارەکان دەکەن و دەخوازن داواکارییەکەیان بە هەند وەربگیرێت.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی



«ئەگەر ژنی شوفێری تاکسیمان هەبێ، ئەوا بەبێ دڵەڕاوکێ لەگەڵی سەردەکەوین و زیاتر ئاسوودە دەبین، چونکە ئێمەی کچان زۆرجار لەلایەن شوفێرە پیاوەکانەوە موجامەلە دەکرێین و تەنانەت هەیانە پێشنیاری وەرگرتنی ژمارەی مۆبایلیش دەکەن.» ئەوە قسەی کانی کەرکووکی بوو. ئەو قوتابی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێرە و لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «دڵنیام ئافرەتی کورد لە هەر پیشەیەکدا سەرکەوتوو دەبێت و ئەگەر کاری شوفێریی تاکسیش بکات، وەك تێکڕای ئەو کارانەی لە رابردوودا ئەنجامیداوە سەرکەوتوو دەبێت و جارێکی دیکە تواناکانی لەبەردەم هەمووان دەسەلمێنێت.»

چیمەن جەلال دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵە و وەك خۆی ئاماژەی پێکرد ماوەی سێ ساڵە کۆلێژی تەواو کردووە و تا ئێستاش دانەمەزرێندراوە، سەبارەت بە تەوەری ئەم راپۆرتەش گوتی: «خۆزگە حکومەت و ئەنجومەنی پارێزگا و لایەنە پێوەندیدارەکان بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە هێزی کاری ئافرەت هەموو ئاسانکارییەك بکەن، تەنانەت لە کاری شوفێریی تاکسیش، من بەشبەحاڵی خۆم هاوسەرەکەم حەزناکات بە تەنیا سواری تاکسی بم، هەر ئەو هۆکارەش وایکرد ئۆتۆمبێلم بۆ بکڕێت، بەداخەوە لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەك کۆمەڵگەی کوردی زۆرجار گوێبیستی مامەڵەی خراپی شوفێرانی تاکسی لەگەڵ خانمان دەبین، بۆیە پێموایە هەبوونی شوفێری ئافرەت هەم گرێ کوێرەکان چارەسەر دەکات، هەمیش دەرفەتێکی باشە بۆ کارکردنی ئافرەت و سوودوەرگرتن لە تواناکانی».

لەیلا دیوبەند چالاکی کۆمەڵی مەدەنی، سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گوڵان گوتی: «ئەگەر ئاوڕێکی کورت لە مێژووی نەتەوەی کورد بدەینەوە، دەبینین هەر لە کۆنەوە ژنی کورد بەشدار بووە لە راپەڕاندنی کاروباری ماڵ و خێزان و کۆمەڵگە بەگشتی، ئەوەی تا رادەیەك ژنی پەراوێز خستبێ، هەڵکەوتەی بایۆلۆژیی ژن بووە کە ئەوەشیان ئەگەر لە لایەك سرووشتییە، لە لایەکی دیکەوە ئەرکی دیکەی خستووەتە سەر شانی ژنان کە ئەو بۆشاییەی پڕکردووەتەوە، ئەوەی ئێستا بووەتە کەلتووری کورد لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا، کەلتوورێکی هاوردە و بە زۆر سەپێندراوە کە لە فورمول و پێوانەکانیدا هیچ تەبایی و وێکچوونێك لە نێوان کەلتووری رەسەنی کورد و ئەو کەلتوورەدا بەدی ناکرێ، من پێموایە چارەنووسی ژنی کورد بۆ گەیشتن بە هەموو مافەکانی راستەوخۆ کاریگەری لە دۆخی سیاسیی نەتەوەی کورد وەردەگرێ، هەتا کورد نەبێتە دەوڵەت و خاوەنی کیانی سیاسیی خۆی، دۆخی ژن گۆڕانێکی ئەوتۆ بە خۆوە نابینێ. ئەوەندەی پێوەندیی بە ژنی کورد لە باشووری کوردستان هەبێ، دەکرێ بڵێین لە چاو بەشەکانی دیکەی کوردستان جیاوازییەك دەبینرێ، لە چەند ساڵی رابردوودا ژن لە باشووری کوردستان لە کوردستان لە هەموو روویەکەوە گەشەی باشی کردووە، ئەوەش بەرهەمی دۆخی سیاسیی کوردە کە لانیکەم ئیدارەی حکومەتێکی خۆماڵی دەکات.» گوتیشی: ئەگەرچی ئەو کەلتوورە هاوردە و سەپێندراوەی لە بێگانە وەرگیراوە کوسپێکی گەورەیە لە نێومالی کورد، بەڵام دیسان زۆرێك لە بەربەستەکان بە حەول و هیممەتی ژنانی تێکۆشەر و پیاوانی ئازادیخواز هەڵگیراون، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ باس لەوەش بکەین کە بۆچی ژن لە کوردستان شوفێری تاکسی نییە، من پێموایە لە ئێستادا شتی زۆر لەوە گەورەتر هەیە کە پێویستە ژنی کورد خۆی تێدا ببینێتەوە، هەموو ئەو کەلێن و قوژبنانەی پیاو گرتوونی و بەو شێوەیە ژنی تێدا نابیندرێ ئەوەیە کە ژن لە رووی یاسایی و شەرعییەوە کۆت و بەند کراوە، ئەو کاتەی ژنی کورد توانی بە شێوەی جددی نەك فورمالیتە، بەشدار بێ لە بڕیارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا و لە رووی کارگێڕییەوە توانای بڕیاری هەبێ، سرووشتییە ئەگەر رێگەش بۆ زۆر و کار و چالاکی دیکەی وەك شوفێری تاکسی و کاری دیکە بکاتەوە، لە وڵاتانی ئەوروپایی لە هەموو دەرفەتەکانی کاردا بە بێ جیاوازی ژن بوونی هەیە، یەك لەو شتانە شوفێری تاکسی و پاس و شەمەندەفەڕ و تەنانەت شوفێری سەیارەی بارهەڵگرە. بابەتێکی دیکە کە زۆر گرینگە لە وڵاتی ئێمە ئەوەیە کە ئایا کۆمەڵگەی ئێمە لە رووی کەلتوورییەوە ئامادەیی ئەوەی هەیە کە ژنە شوفێرێك لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا پارێزراو بێت و مەترسی لەسەر نەبێت و نەکەوێتە بەر هێرش و هەڕەشە؟ بۆیە من پێموایە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو بابەتە مافی هەر ژنێکە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێ فەزای ئەو مافەشی بۆ ئامادە بکرێ، کە پێویستە ژن و پیاوی کورد کاری بۆ بکا، لە پێشدا خێزان و دواتر راگەیاندن و قوتابخانە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن ئەو زەرفە دروست بکەن کە ژنی کوردیش بەبێ ترس بتوانێ هەموو ئەو کارانە بکات کە لە توانایدایە ئەنجامیان بدات.

لەلای خۆیەوە ژیان ئاغا ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر هێما بۆ ئەوە دەکات کە: «هیچ کات لەلایەن دەسەڵات و لایەنە پێوەندیدارەکانەوە بەربەست لەبەردەم کارکردنی ئافرەتان دروست نەکراوە، لە ئێستاشدا هیچ پڕۆژەیەکی لەم شێوەیە پێشکەش بە ئەنجومەنی پارێزگا نەکراوە، دڵنیاتان دەکەینەوە هەر کات پڕۆژە و داواکاری لەم شێوەیە بێتە لامان، پشتگیری لە داواکارییەکەیان دەکەین، ئامانجی ئێمەشە کە ئافرەت لە هەموو بوارەکاندا بەبێ جیاوازی رەگەزی کاربکات، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی کوردی تا ئاستێك کۆمەڵگەیەکی داخراوە هەموو کارێکی بۆ ئافرەت قبووڵ نییە».

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر چارەسەر لە بوونی کات و هەوڵی نەپساوەی خودی ئافرەت دەبینێتەوە، ئەو پێیوایە بە تێپەڕبوونی کات ئەم هاوکێشەیەش وەك زۆربەی هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە چارەسەر دەبێت، گوتیشی: «لە رابردوودا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شوفێری بۆ ئافرەت عەیب و شوورەیی بوو، ئەگەر لەسەر شەقام شوفێرێکی ئافرەت ببیندرایە، ئەوا خەڵك فیکەی بۆ دەکێشا و گاڵتەیان پێدەکرد، تەنانەت شوفێرە پیاوەکانیش هۆڕنیان بۆ لێدەدان و قسەیان پێدەگوتن و ئۆتۆمبێلیان دەشکاندەوە سەریان و دەیانترساندن، بەڵام پێداگیری ئافرەت لەسەر ویستەکانی وایکرد، بە تێپەڕبوونی کات ئەو دۆخەشمان تێپەڕاند.»

جەمیلە محەمەد ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆکە و بوونی ئافرەتی شوفێر تاکسی بۆ هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان بە پێویست دەزانێت و پشتگیری لە هەر داواکارییەك دەکات کە پێشکەشی لیژنەی ئافرەتان لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك بکرێت، هاوکات ئاماژە بەوە دەکات کە «لە هەندێ ناوچەی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئەمڕۆش شوفێری بۆ ئافرەت بە کارێکی شیاو نازانرێت، چ بگات بەوەی ئافرەت ببێتە شوفێری تاکسی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەنجامدانی ئەم کارە و کارەکانی دیکە کە ئافرەت توانای هەیە بیکات و کۆمەڵگە رێگری لێدەکات، قوربانیدانی خودی ئافرەتی پێویستە.» گوتیشی: «ئێمە لە ئەنجومەن هەرچەند پشتگیری ئەو داوایە بکەین، مادام پڕۆژەی داواکاریمان بۆ نەهاتووە ناتوانین هیچ بکەین.»

**لە وڵاتانی ئەوروپایی لە هەموو دەرفەتەکانی کاردا بە بێ جیاوازی ژن بوونی هەیە، یەک لەو شتانە شوفێری تاکسی و پاس و شەمەندەفەڕ و تەنانەت شوفێری سەیارەی بارهەڵگرە**

**هیچ پڕۆژەیەکی لەم شێوەیە پێشکەشی بە ئەنجومەنی پارێزگا نەکراوە، هەر کات پڕۆژە و داواکاری لەم شێوەیە بێتە لامان، پشتگیری لە داواکارییەکەیان دەکەین**

**لە چەند ساڵی رابردوودا ژن لە باشووری کوردستان لە کوردستان لە هەموو روویەکەوە گەشەی باشی کردووە، ئەوەش بەرهەمی دۆخی سیاسیی کوردە کە لانیکەم ئیدارەی حکومەتێکی خۆماڵی دەکات**

